وەزارەتی خوێندنی باڵا
زانكۆی سەلاحەدین-هولێر
كۆلێژی هونەرە جوانەكان
بەشی موزیك

# زانستی كۆنتڕاپۆینت
# counterpoint
## وانەی یەكەم
## سەرەتای سەرهەڵدانی كۆنتراپۆینت

**سیروان محمد مصطفی**
**پسپۆر:تیۆری موزیكی رۆژهەڵاتی وسۆڵفێجی كوردی لە تەكنۆلۆژیای زانیاری**
**مۆبایل:** 07504482467
Seerwan.mustafa@su.edu.krd

2019/9/30

# ئامانجی سەرەکی وانەکە:

- فێربوونی گرنگترین یاساکانی زانستی کۆنتراپۆینت وبەتایبەتی بە هاوشانی موزیک نوسین .

# سەرەتای سەرهەڵدانی کۆنتراپۆینت:

- وشەی کۆنترِاپۆینت لە کۆتایی سەدەی چواردەهەمی زایینی سەری هەڵدا، کە لە زاراوەی ( punctus contra punctus*) بە واتای دەنگ بەرامبەر دەنگ دێت .

*لە سەدەی سێزدەهەمدا بە واتای دەنگ دەهات، بە گوێرەی کتێبی فرانک کۆلۆنۆی.

# سەرەتای سەرهەڵدانی کۆنتراپۆینت:

- ئەم زاراوەیەش بۆ ووشەی (discantus) ئەمەش بە واتای جۆرێک لە گۆرانی هەروایی هەمەدەنگی)ارتجالي متعددة الاصوات (دێت، ئەمەش جۆرێکە لە ئەدای گۆرانی، کە تیایدا لە بەرامبەر هەر دەنگێک دەنگێکی تر بنیاد دەنرێت کە پێشتر بۆی دانراوە و پێدەگوترێت کانتوس فیرموس.

# کانتوس فیرموس (cntus firmus)

- بەلاتینی پێیدەوترێت (cntus firmus)، بە فەرەنسی (chant donnee)، بریتییە لە ئاوازێکی سەرەکی، بنیادێکی پتەو وروخسارێکی روون ودیاری هەیە. ئەمانە دەبێتە بنیادێکی سەرەکی بۆ دروستبوونی کۆنترڕاپۆینتێکی هەمەدەنگی، بە هێمای (C.F) دەنووسرێتەوە، ئەمەش کورتکراوەی ناوە لاتینیەکەیەتی، یاخود (C.D) بەزمانی فەرەنسی.

# کانتوس فیرموس (cntus firmus)

- دەنگە دروستکراوەکان یاخود بنیادنراوەکان دەبێتە ئاوازی هاوشانی بۆ ئاوازی کانتوس فیرموسی دەستنیشانکراو پێی دەوترێت کۆنترپۆینت.

# کۆنترِاپۆینت:

- بریتییە لە نووسین یان ئەداکردنی دوو ئاواز یان زیاتر لە یەک کاتدا. جا بەهەمان ئاراستە جوولە بکات یان بە ئاراستەی پێچەوانە. بەڵام پێویستە چەندین یاسا ورێسای هاڕمۆنی دروست بۆ نووسینەوەی بەکاربهێندرێت.

# کۆنتڕاپۆینت:

- نووسین بەشێوازی کۆنتڕاپۆینتی بەهەمەدەنگی )پۆلیفۆنی(ناودەبردرێت، بەم شێوەیە چەندین شێواز لە ]دەنگ یان ئاواز[ بەیەکەوە ئەدا دەکرێت، بە جۆرێک لە هەر دەنگێک لەم دەنگانە هەمان شایستەی )قیمة( موزیکی هەیە .

# کۆنترِاپۆینت:

- لێرەدا ئەم پرەنسیپە لەگەڵ هۆمۆفۆنیدا جیاوازە، چونکە لە هۆمۆفۆنییدا شایستەی موزیکی تەنها بۆ دەنگی سەرەکی دەبێت، )دەنگی سەرەوە یاخود تیژ(، بەڵام دەنگەکانی تری هۆمۆفۆنی دەنگی لاوەکی دەبێت، کە دەبێتە دەنگی تەواوکەر.

# پۆلێنکردنی کۆنترِاپۆینت:

- کارەکانی کۆنترِاپۆینت بە پێی ژمارەی دنگەکانی بۆ چەند جۆرێک دابەشدەکرێت: کۆنترِاپۆینتی دوو دەنگی و سێ دەنگی چواردەنگی یان زیاتر هەیە. هەروەها بە پێی پەیوەندی دەنگەکان وشوێنی وهەڵکەوتەی پۆلێندەکرێت .

# پۆلێنکردنی کۆنترِاپۆینت:

- جۆرەکانی کۆنترِاپۆینت
  - ✓ کۆنترِاپۆینتی سادە
  - ✓ کۆنترِاپۆینتی دوانی
  - ✓ کۆنترِاپۆینتی سیانی
  - ✓ کۆنترِاپۆینتی چواری....هیتر

# کۆنترپاپۆینتی سادە:

- لەکۆنترپاپۆینتی سادەدا نابێت پەیوەندی وشوێن وهەڵکەوتەی دەنگەکان لەنێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕی پێبکرێت، واتە دەنگی سەرەوە هەر لە سەرەوەدا دەمێنێتەوە ودەنگی خوارەوە هەر لە خوارەوەدا دەمێنێتەوە .

# کۆنترِاپۆینتی دوانی:

- بەڵام لە کۆنترِاپۆینتی دوانی دەشێت پەیوەندی وشوێن و هەڵکەوتەی دەنگەکان لە نێوان خۆیاندا ئاڵوگۆڕی پێبکرێت و رێگە پێدراوە، بۆ نمونە دەتواندرێت دەنگێکی سەرەوە بگوازرێتەوە بۆ خوارەوە بۆ ئەوەی ببێتە دەنگی خواروو، هەروەها بە پێچەوانەوە، بەبێ ئەوەی ببێتە خەرقێک بۆ یاسا ورێساکانی. لە کۆنتراپۆینتی سیانی وچواریدا دەشێت گۆرانکاری نێوان شوێنی سێ دەنگەکە یان چوار دەنگەکە لە نێوانیان بکرێت.

# زۆر سوپاس بۆ گوێگرتنتان

